# کارەساتی جیهانیی ئێیدز

## (بە بۆنەی یەکی دیسامبر، ڕۆژی جیهانیی ئێیدز)

دوکتور کامران ئەمین ئاوە










---

نەخۆشیی ئێیدز بۆ یەکەمین جار لەساڵی 1981 لەنێو نێربازانی کالیفۆرنیادا بەدی کرا. ئەوکات کەس پێی وانەبوو ئەم نەخۆشییە لەماوەی کورتی 30 ساڵدا دەبێ بە یەکێک لە کارەساتە گەورە جیهانییەکان. نەخۆشیی ئێیدز لەم ماوەیەدا هۆکاری لە نێوچوونی زیاتر لە 25 میلیون کەسو چوارەمین هۆکاری مردن لە دنیادا بووە. بە پێی ڕاپۆرتی UNAIDS/WHO لە ساڵی 2005دا زیاتر لە 5 میلیون کەسی دیکە تووشی ویروسی HIV بوون. 30 میلیون و دووسەد هەزار کەس لەم نەخۆشانە خەڵکی خوارووی بیابانی ئەفریقان. 700 هەزار کەس لەم کۆمەڵەیە، منداڵانی ژێر 15 ساڵن. ئێستا ژمارەی نەخۆشەکانی گیرۆدەی ئێیدز، گەیشتۆتە 4 میلیۆنو 300 هەزار کەس کە لەم ژمارەیە 2 میلیۆنو 300 هەزار کەس منداڵانی خوار تەمەنی 15 ساڵن.

ژمارەی گیرۆدە بووانی نەخۆشیی ئێیدز لە ساڵی 1995 دا زیاتر لە 19/9 میلیۆن کەس بوو. لە ماوەیەکی کەمتر لە 10 ساڵدا ئەم ژمارەیە بوو بە دوو بەرامبەر. زۆرترین گیرۆدە بووانی ئەم نەخۆشییە (دوو لە سێی ئەوان) لە خوارووی بیابانی ئەفریقا دەژین. باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە 7/4 میلیون نەخۆشەوە، بە دووهەم ناوچە لە باری ژمارەی زۆری گیرۆدە بووانەوە دادەنرێت. لە ساڵی 2005دا نزیکەی 2/4 میلیۆن کەس لە خوارووی بیابانی ئەفریقا، 400 هەزار کەس لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، 18 هەزار کەس لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو 12 هەزار کەسیش لە ئورووپا بە هۆی ئێیدزەوە گیانیان لە دەست داوە. لە سەریەک زیاتر لە 3 میلیونو 100هەزار کەس بوون بە قوربانیی ئێیدز کە 570 هەزار کەسی ئەوان منداڵانی خوار تەمەنی 15 ساڵ بوون.

بە پێی ئاماری سندووقی [منداڵانی] ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەر 14 چرکە (پانیە)دا لاوێکو، ڕۆژانە 14 هەزار کەس کە نێونجی تەمەنیان لە نێوان 14-24 دایە، تووشی HIV دەبن. هیند دوای ئەفریقای جنووبی دووهەم وڵاتە کە زۆرترین نەخۆشی گیرۆدەی ئێیدزی هەیە. لەو وڵاتەدا زیاتر لە 4 میلیون نەخۆشی گیرۆدە بوو بە HIV هەن.

لە بارەی گیرۆدەبووانی نەخۆشیی ئێیدز لە ئێران دا هێشتا ئامارێکی روونو جێگای بڕوا لە دەست دا نیە. بە پێی قسەی سەرۆکی ئیدارەی کۆنترۆڵی وەزارەتی لەشساغیو دەرمان، لە ئێران 11 هەزارو 930 کەس تووشی ئێیدز بوون کە لەم ژمارەیە تا ئێستا 1377 کەس مردوون. ڕێگاکانی گوێزرانەوەی نەخۆشیی ئێیدز بە زۆری بریتین لە:




- پێوەندیی سێکسی لەگەڵ کەسی گیرۆدەبوو بە ویروسی HIV.
- گوێزرانەوە بە هۆی خوێن.
- دەرزیی (سورەنگ)، کە ئەمەیان زۆرتر لە نێو موعتادەکان دا باوە.
- گوێزرانەوە لە دایک بۆ منداڵ، پێش لە دایکبوون یا دواتر.

ئەم وتارە لە لایەن گۆڤاری کوردستان، لە فارسیەوە کراوەتە کوردی و لە ژومارەی 426 بلاو کراوەتەوە.